**دیاری قەرەداغی:**

**قوڕ بە سەری ئەو هونەرمەندەی لەنێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا بتوانێت کارێکی داهێنەرانە بکات**



## بۆ قسەکردن دەربارەی رەوتی موزیك و گۆرانی كوردی لە ئێستاداو كاریگەری كلتووری وڵاتانی دی بەسەر هونەری كوردییەوە ,هونەرمەند "دیاری قەرەداغی"مان دواند.

## سازدانی:سۆران عەزیز

**كوردستان راپۆرت: لەم سەردەمەی جیهانی بوونەدا كە ئێمە لە سەرجەم بوارەكانی ژیاندا لەژێر كاریگەری دونیای دەرەوەداین دەكرێ باس لەوە بكەین كە هونەری گۆرانی كاریگەری هیچ نەتەوەیەكی تری بەسەرەوە نییە؟**

دیاری قەرەداغی: من هەمیشە وتومە گۆرانی و كەسی بە كاربەری گۆرانی، كەسێك نییە لە دەرەوەی هەموو ئەو تەنگەژانە بێت، لە دەرەوەی ئەو سنورە مەعریفیانە بێت. لەنێو كۆمەڵگای ئێمەدا كەسێك نییە بە تایبەت خوڵقابێت بۆ هونەر ,بەڵكو كەسێكە یان خۆرسك پەروەردە بووە لە ئەنجامی مومارەسەی رۆژانە خەریكی ئەم كارەیە یان كەسێكە لە ئەنجامی جەهل و بێئاگایی جەماوەرەوە دروست بووە یان كەسێكە بەرهەمێكت دەداتێ نازانێ ئاراستەی كوێی دەكات، لێرەدا دەبێت بپرسین ئایا ئەم هونەرە دەچێتە ژێر پێناسێكەوە كەمن و تۆ پێی بڵێن ئەمە سنور بەزێنە. ئەم بەرهەمە هونەرێكە بەدەرە لە هەموو ئەو كایە مەعریفیانەی كە بە چوار دەوریدا خەملیوە، هونەرێكە زادەی فكرو رۆشنبیریی كەسی بەرهەم هێنەرە، ئەم پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی جدی هەیە، ئایا هونەرمەند كەسێكە لە دونیایەكی ترەوە خوڵقاوە؟ ئایا هونەرمەند كوڕی مەعریفەی ئەم وڵاتە نییە؟ ئایا هونەرمەند وبە تایبەت هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەرهەمی سیستەمێكی كۆمەڵایەتی و كلتوری ناوچەیی نییە؟ ئایا هونەرمەند كەسێكی سۆپەرمان ئاسایە و دەتوانێت رەوتی هونەری گۆرانی و ژیان بەرەو رەوتێك بەرێت كە بتوانێت بە ئاسانی هەموو سنورەكان ببەزێنێت بە ئاسانی تێكەڵی هەموو كلتورێك بێت؟ ئەمانە هەموو پەیوەندیدارە بە كۆمەڵگاكەی ئێمەوە و زەحمەتە لەنێو كۆمەڵگایەكدا كە جەهل برا گەورەیە و بێ بایەخكردن وپەراوێز خستن زاڵە, هونەرمەند دەنگێكی لاسارو بزێوی هەبێت ،هەموو ئەم كۆتوبەندانە ببەزێنێت. رەنگە لێرەو ئەو پرسیارە بكرێت كە هەندێكجار لەنێو كۆمەڵگا دواكەوتووەكاندا هەندێ داهێنەر هەبوون لە رێگەی شاكارەكانیانەوە خۆیان و كلتور و زمانیان بە دونیا ناساندبێت و دەكرێت لەناو كوردیشدا ئەم جۆرە هەبێت بە مەرجێك كەناڵەكانی میللەتی كورد بە دونیا بناسێنرێت ،بەلأم مەحاڵە بەبێ كەناڵێ تۆ بتوانیت هونەرەكەت بە دونیا بگەیەنێت. دواتریش پێموایە رەنگە لەگەڵ دروست بوونی بەرهەمێكی جواندا رەنگە كۆمەڵگایەكی جوان دروست بێت بە پێچەوانەشەوە كۆمەڵگایەكی كراوە و جوان رەنگە دەیان بەرهەمی جوان بۆ هونەرمەند دروست بكات ئەمە پەیوەندییەكە ناتوانێت لە یەكتری بترازێنین، گەر هەر ترازانێك لەم پەیوەندییەدا دروست بێت رەنگە هەر یەكەیان توشی قەیرانێك بێت، قوڕ بە سەری بۆ ئەو هونەرمەندەی لەنێو

کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا بتوانێت کارێکی داهێنەرانە بکات ،چونکە هەمیشە بە ئازارەوە دەتلێتەوە و هەروەها داماویی ونەگبەتیشە بۆهەتایە میللەتێکیش تا سەر ئێسقان لەنێو جەهلدا بێت.

**کوردستان راپۆرت: ئێستا لە کوردستان زۆر هونەرمەند بەوە تاوانبار دەکرێ کە ئاوازی تورکی یان فارسی یان عەرەبی بەکار دێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هونەر هونەری نەتەوەیەکی دیاری کراوە یان هی کۆی مرۆڤایەتییە؟**

دیاری قەرەداغی: مرۆڤ دەتوانێت سودمەند بێت لە هەموو کایە جوانەکان لە هەموو زمانەکان دەتوانێت سودمەند بێت لەو چۆلەکەیەی لەسەر گوێسەبانەکەتدا دەخوێنێت و مەلێکیش دەتوانێت سودمەند بێت لە تۆ ،هەمیشە دەتوانیت سودمەند بێت لەو بەهاو ستاتیکا جوانانەی لە چوارچێوەی تۆدا خەملیوە ،بەلأم خۆ دەبێت تۆ زمانێکت هەبێت کە گوزارشتی پێبکەیت، ئەو زمانەی تۆ زمانێکە تایبەتییە بە خۆت تۆ دەکرێ هەرچی جوانییەکانی دونیا هەیە لە خۆتدا کۆی بکەیتەوە .بەلأم ناکرێ ئەو کەناڵەی خۆت ون بکەیت کە کەناڵێکی کوردییە، تۆ ناتوانیت هەموو کارەکانی میللەتەکەی خۆت ون بکەیت لەبەرئەوەی ئێمە لەژێر کاریگەری ئەفسانەکانی ولأتانیترین، تۆ دەتوانیت لە جوانییەکانی ئەو سودمەند بیت، بەلأم لە بۆتەی کارێکی خۆتدا بیتوێنیتەوە.

کاتێك گۆرانییەکی تورکی لە رێگەی هونەرمەندێکی تورکەوە چڕا بێت، ئیتر کەی گرنگە لەلایەن هونەرمەندێکی کوردەوە دووبارە بکرێتەوە بۆیە من پێم وایە سود وەرگرتن پێویستی بە مەعریفەیەکی زۆر گەورە هەیە، سود وەرگرتن لەو روانگەوە زۆر ترسناکە کە تۆ هیچ نەبیت و تەنها پەنابەریت بۆ ئەو بەرهەمە ئامادەکراوانە. هونەرمەندی زیرەك ئەو هونەرمەندەیە کە بتوانێت چەناڵەکانی خۆی و مێژووی رووداو بەسەرهاتە ژیارییەکان و کەیسی میللەتەکەی بتوێنێتەوە لەنێو جوانییەکانی دونیادا و بە پێچەوانەشەوە، بۆیە پێموایە دەکرێت تۆ هونەرمەندێکی جیهانی بیت لە رێگەی کەناڵە ناوخۆییەکانی خۆتەوە، دەکرێت بەرەو جیهان بڕۆیت لە رێگەی مەرگەساتێکی گەرمیان و کوێستانی میللەتەکەت دەشێ لە رێگەی گۆرانییەکی هەڵەبجەتەوە تۆ هەموو جوانییەکانی دونیا لە خۆتدا نوقم کەیت، دەکرێ لە رێگەی هۆرەیەکەوە دەنگت بەدنیا بناسێنیت.

**کوردستان راپۆرت: باسی رەسەنایەتیت کرد ئایا رەسەنایەتی چییە؟ ئایا رەسەنایەتی بریتییە لە دووبارە کردنەوەو خول خواردنەوە لە بازنەی رابردوودا یان تەجاوزکردنی سنورە باوەکان؟**

دیاری قەرەداغی: گۆرانی رەسەن گۆرانییەکە هەموو جوانیەکانی لە خۆ گرتبێت لە هەموو سەردەمێکیشیدا پێمان بڵێت من کوڕی ئەو سەردەمەم، باشتر وایە واز لە وشەی رەسەن بێنین بڵێین گۆرانییەکە لەسەر هەموو بنەما جوانەکانە، ناکرێت ئەگەر گۆرانییەك لەساڵەکانی چل و پەنجادا لەدایك بوبێت ناشیرینیش بێت مادەم ئیتر کۆنە ئێمە پێی بڵێین ئەو گۆرانییە رەسەنە. باشە بۆ من و تۆ نەیەین راپرسییەك بەنێو هونەرمەنداندا بکەین، بزانین کێ پێناسەیەکی کۆنکرێتیت بۆ رەسەن دەداتێ. کەواتە بە رای من شتێکە لە وەهمدایەو یۆتۆپیایەکە دروست کراوە.. ئەی بۆ نەڵێین گۆرانییە جوانەکان گۆرانییەکە هاوڕێی زام و ئێشی مرۆڤ بێت.

**کوردستان راپۆرت: گەر حەقیقەتی هونەر جوانی وچێژ بەخشین بێت، ئایا هونەری کوردی توانیویەتی ئەم پەیامە بگەیەنێت؟**

دیاری قەرەداغی: دەبێت سەرەتا ئەوە بڵێم ، ئەگەر هونەر خاوەنی هیچ پەیامێك نەبێت ئەوا هیچ نییە. بەڵکو سەرەتاییترین ئەرکی هونەر دروستکردنی چێژو وروژاندنی هەستی بەرامبەرەو دروست کردنی کۆمەڵێ پرسیارو گومانە لە کەسی بەرامبەردا، بەلأم گۆرانی کوردی چەند ئەو پەیامەی گەیاندووە؟ من ناتوانم بچمە ژێر پرسیارێکی وا گرانەوە ،چونکە ئامارێکم نەکردووە تا بزانم ئایا گۆرانی کوردی ئەم کارەی کردووە؟ دڵنیام تۆش بۆت نەکردووە .بەلأم ئەوەی دەبینین کەمترین چێژ ئامادەیە، کەمترین پەیام ئامادەیە، کەمترین دۆز ئامادەیە، ئەگەر لەپشت گۆرانی کوردییەوە رەگەزێك ئامادە بێت رەنگە ئەویش چێژێکی ساتەوەخت بێت.

**کوردستان راپۆرت: دەکرێت داوا لە گۆرانی کوردی بکەین کە رەخنە ئامێز بێت؟**

دیاری قەرەداغی: رەخنە یەکێکە لە پەیامی هونەری گۆرانی، ئەگەر گۆرانییەك هەڵگری رەخنە نەبێت پەیامێکی رووکەشی دەردەچێت . لە مێژە گۆرانی کوردی یان فۆرمی لەدەست داوە یان ناوەڕۆکی لەدەستداوە، زۆر بە دەگمەن پەیامی گۆرانی کوردی ئەم دوو جۆگە گەورەیەی (فۆرم و ناوەڕۆك)ی بەیەك گەیاندووە، یان ئەوەتا لە سەردەمێکدا هونەری گۆرانی دروشمانە بە ناوەڕۆکێکی توندەو خەڵکی هانداوە بۆ زۆر بابەت و خەڵکی تاوداوە بۆ شۆڕش ، کەلەسەر حسابی ئەم ناوەڕۆکە راستەوخۆیە سەیر دەکەیت فۆرم ون بووە.

لە کام سەردەمی گۆرانی کوریدا هەیە فۆرم ون نەبووبێت؟ بۆیە هەست دەکەم یەك لەو رەگەزانەی لە گۆرانی کوریدا ونە ، هونەری رەخنەیە, چونکە بە پەیامی گۆرانیان نەزانیوە.

**کوردستان راپۆرت: ئێستاش هەر پێت وایە سەهۆڵبەندانی عیشق و وەرینی گوڵە گەنمە؟**

دیاری قەرەداغی: بەڵێ هەر چەندە من تۆ لە رۆژێکی گەرمدا ئەم گۆفتۆگۆیە دەکەین ، بەلاّم من دڵنیام لە ولاّتی مەرگدا شەرت نییە چەمکی مردن هەر مردنی جەستەکان بێت, بەڵکو مردنی رۆحەکانە کە وردە وردە لە ژیان بێ ئومێد دەبن، ئەوە سەهۆڵبەندانە لە سەردەمێکدا کە بۆ یەك مەنفا دەچووین بەرەو جێهێشتنی نیشتمان ،ئێستا سەردەمی کۆچ کردنە بەرەو ناخی خۆت .من پێم وا نییە ئەو دوودێرە کە من وتوومە هی سەردەمێکی دیاریکراوە،بەڵکو ئەوە دێڕێکە درێژکراوەیە و تەمەنێکی دوورو درێژی هەیە کە ئومێد دەکەم وا نەبێت.

دیاری قەرەداغی

ساڵی 1967لە سلێمانی لەدایك بووە

بەکالۆریۆسی زمانی تەواو کردووە